www.kurdistannet.org
17-9-2007 16:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**پێ دەچێت یەکیەتی بەرەو حزبێکی دینی بڕوات ... کامەران یاسین عبدالله**

لەسەرەتایی نەوەدەکان ڕێك دوای ڕاپەرینی 1991ی گەلەکەمان، یەکیەتی ئەو هێزە بوو هێرشێکی زۆری دەکرایە سەر، بەناوی ئەوەی کە دەیەوێت کوردستان وەکو ئەوروپا لێبکات وهەرچی لەو لاوە ئەهات ڕەخنەی ئاراستەی یەکیەتی دەکرد، دەیانگووت بریاری داوە کوردستان لە ئیسلامی و هێزە کۆمەڵایەتیەکان پاك بکاتەوەو داب ونەریتی کوردەواری لەبەرچاو ناگرێ و دەیەوێت ژن وپیاو ئازاد بکات وژنان ئازاد بژین لەدەرەوەی سانسۆری خێزان، ئەوکاتە بیرمە پیاوێکی خوێندەوار هێرشی دەکردە سەر مام جەلال وبەوە تاوانباری دەکرد کە دەیەوێت ژنانی کورد فێری ئازادی ئەوروپا بکات وبەرادەیەك قسەی لەسەر مام جەلال دەکرد دەیگوت: مام جەلال خەریکی کردنەوەی مەلهایە لەکوردستان، هەرچی ئازادی خواز و بیرکردنەوەیەکی کراوەی هەبوو چاوی ئومێد وگۆڕانی بڕیبووە یەکیەتی، لەلایەکی ترەوە غەدرێکی زۆر لە خودی کەسایەتی مام جەلال کرا لەوبارەیەوە کەبەداخەوە کۆنەپەرستانە هێرشی توندی کرایە سەر.. ئەوەبوو لەسەرەتای نەوەدەکان یەکیەتی لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان کە ئەوکاتە کۆپی ئەفغانستان بوون وهێزێکی زۆر گەورە و کاریگەربوون، کەوتە جەنگ و لەپێناوی ئازادی وکرانەوە ومەدەنیەت سەدان شەهیدی دا، یەکیەتی ئازاترین بریارو گرنگترین جەنگی کرد، جەنگێك بەرامبەر هێزێکی فراوانی گەورە وتۆکمەو خاوەن دسپلینێکی پتەو و خاوەن بیروباوەڕێکی ئیسلامی توند، کە بەراستی ئازایەتی دەویست بتوانێت خۆی لەقەرەبدات، ئەوەبوو یەکیەتی توانی زۆر ئازایانە کوردستان لەو ئیسلامیانە پاکبکاتەوەو نەهێڵێ کوردستان ببێتە ئەفغانستان، تاکە هێزێك کە زۆر ئاشکراوو فراوانی گفتوگۆی لەگەڵ هێزەکانی ئیسلامی سیاسی دەکرد یەکیەتی بوو، ئیسلامی سیاسی لەرووی فکری وپرۆژەوە تەنانەت لەرووی جەماوەریشەوە تەنها لەسەردەستی یەکیەتی لاواز بوو، ئەم بارودۆخە تاوەکو ساڵی 2000ی خایاند، بەلام ئەمجارە وێستگەیەکی گرنگ لەژیانی فکری ویەکیەتی دروست بوو، یەکیەتی تا ئێستاش بووەتە هێزێکی ئیسلامی زۆر کاریگەر، بەرادەیەك تاکە هێزی دینی یە کە مزگەوت دروست کردن لەبەر یەکیەتی بەرکەسی تر ناکەوێت.. ئەمڕۆ یەکیەتی بەجۆرێك هێڵە فکریەکانی وون کردووە کە ئیسلامی سیاسی ودینی ئیسلام تەواوی ئۆرگانەکانی داگیرکردوە، ئەوەندەی ڕاگەیاندنی یەکیەتی هەواڵی ئاینی وچالاکی ئاینی تێدا بلاودەبێتەوە هیچ ڕاگەیاندنێکی تر ئەوەندە گرنگی بەم مەسەلە دینیانە نادات، ما جەلال نەك کەسەکەی دوێنێ نەماوە بەڵکو ئاگای لەهەموو بەئیسلام بوونەی یەکیەتی نیە هەر بۆنمونە وبۆ بەڵگە لەناو مەڵبەندی ڕێکخستنی یەکیەتی لەهەولێر مزگەوتیان دروست کردووە جەماعەتی نوێژی ئەندام مەڵبەند وکادیران وئەندامانی مەڵبەند زۆر قەرەباڵغترە لە مزگەوتێکی ئیسلامی وبارەگایەکی حزبە ئیسلامیەکان. ئەمە پرسیارێکەو یەکیەتی دەبێت لە گۆنکرەی داهاتووی وەڵامی بداتەوە.. چونکە ئەگەر بریارە یەکیەتی سۆسیال دیموکرات بێ ئەوە ناکرێت هێندە لەرووی دینی یەوە دنیا بکاتە دروست کردنی مزگەوت وچالاکی دینی ورێکخراوێکی وەکو یەکیەتی زانایان بوونەتە گرنگترین دەزگای سنوری یەکیەتی کە بریارێکی مەکتەب سیاسی بەقەدەر فتوایەکی ئەوان کاریگەرنیە ئایا یەکیەتی بەرەو حزبێکی دینی دەڕوا؟؟ئایا کادیرانی یەکیەتی پەشیمانن لە و خەباتەی ڕابردوو لەسەر عەلمانیەت ودیموکراسی وئازادی کردویانە، ئایا یەکیەتی دەیەوێت ڕابردوی خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە لەبارەی ئازادی ژیانی خەڵك وبیرکردنەوەی ئازادانەی خەڵك.. ئەمە و دەیان پرسیار کەدەبێت یەکیەتی وەڵامیان بداتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.